# خوێنی پیاو

بەرزان هەستیار
2005/3/31
کۆلن
bhastiar@yahoo.de

پیاوێك بە بێ چەك چووە جەنگەوە
پیاوێك بە پێی پەتی ڕووی کردە مەیدان
سەرەتا بوو ، هێشتا سەرەتای ...
بروسکەی شمشێر ڕاکێشان بوو
پیاوەکە بوو بە ڕەنگێکی ڕژاو
ڕەنگێکی کاڵ بەسەر گاشە بەردێکەوە
ئەو پیاوە بە دەستی بەتاڵ
ئەیویست شەڕی هەموو شکستەکانی خۆی بکات
ئەو عاشقە دڵی خۆی هەڵگرت و
لە یەکەمین پێکەنینی کچێکا
لێی کەوتە بەر پێیەکانی ....
ئیتر هەڵی نەگرتەوە ،
ئەو پیاوە وایزانی
لە بیابانی وەڕسییدا
جۆگەلەیەك ڕژاوەتە
هەناسە وشك و برنگەکانیەوە ؛
ئەو پیاوە ڕقی لە ماتماتیکە و
نەیزانی خۆشی بووەتە ژمارەیەك
لەو ژمارە خنکاوانەی
سەرابێ لای خۆی تۆماری کردوون
ئەو عاشقە تا سەر ئێسقان
لە " ماڵئاوایی " بێزارە و
کەچی ژوورەکەی پڕ.. پڕە لەو دەستانەی
بەر لە گوشین دووعاخوازیی خۆیان ئەکەن
ئەو پیاوە کچی نازدارترین شیعریی
لە مەستیی شەرابدا مەمکی کرد ....
بەڵام خۆی ڕژا
پێکێك بوو هەر بە لێوی عەشق خۆیەوە

هه‌پروون به هه‌پروون بوو
ئه‌م پیاوه وا ڕاهاتووه
هه‌موو ئێواره‌یه‌ك بچێته‌وه
سه‌ر ئه‌و شوێنه‌ی تیا كوژرا و
له‌وێ له ژێر لێوه‌وه شیعر بخوێنێته‌وه
له‌وێ هه‌موو ئه‌و پیاوانه‌ش كۆ كاته‌وه
كه به سنگی ڕووته‌وه
چوونه شه‌ڕی بێ ئامانی....
به‌فری په‌مه‌یی عیشقه‌وه‌و
ڕه‌ق بوونه‌وه ،
پێیان بڵێ نانی شوانمان خواردبوو ،
ده‌نا ئێمه كه‌ی ئه‌و گوڵدانه بووین
بتوانین نازی چڵه نێرگزێ هه‌ڵگرین !
كه‌ی ئه‌و سێبه‌ره خه‌سته بووین
گره‌ی عیشقێكمان پێ فێنك ببێته‌وه !
ئێمه خۆمان هه‌ڵخه‌ڵه‌تان
ده‌نا ڕۆژی ته‌ڵخی ئێمه له كوێ و
ئه‌ستێره‌ی ماچه‌كان له كوێ !
شه‌وه ئه‌نگوسته چاوه‌كانی ئێمه له كوێ و
چراكانی موحیببه‌ت له كوێ !
ڕابووردین ، به بێ ده‌نگیی گوزه‌رمان كرد
ئێمه‌ی پاڵه‌وانی دۆڕاو
ئێمه‌ی جه‌نگاوه‌ری له‌رزۆك
ئێمه‌ی ئالووده‌ی چۆڕێ سۆز
وه‌ك دووكه‌ڵ په‌رش بووینه‌وه ،
وه‌كو قاقایه‌كی درۆ
كه‌سێ گوێمان لێ ڕاناگرێ ،
وه‌كو ده‌نكه هه‌نارێكی وه‌ریو
له ژێر پێیه‌كا ئه‌مرین و
دڵۆپێ خوێن به‌جێ دێڵین
ته‌نها دڵۆپێ خوێنی ڕه‌ش ،
دڵۆپێ خوێن ، بۆ پێكه‌نییییییییییییین !!!!!!!